ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
30
25ی شوبات/ فێبریوەری 2022

## حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان، لە پێناو یەکسانی تەواو و بێقەیدو شەرتی ژنان و پیاوان لەهەموو زەمینەکاندا تێدەکۆشێت!



## بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق سەبارەت بە فرۆشتنی نەوتی هەرێم

### گفتوگۆ لەگەڵ لەگەڵ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی

بۆ لاپەڕە 3



## سەرکەوتنی نارەزایەتیە جەماوەریەکان لە گرەوی چیدایە؟

فوئاد سادق

بۆ لاپەڕە 6



## هێرشی روسیا بۆسەر ئۆکرانیا دەورەیەکی نوێی کێشەکانی دنیای چەند جەمسەری

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە 7

## هەشتی مارس، رۆژی دەربڕینی نارەزایەتیە بەڕووی هەرجۆرە جیاکاری و ستەم و بێمافیەکی ژناندا!

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

## بەرزو بەرێز بێت ٨ی مارس، رۆژی ڕاوەستانەوە بەدژی جیاکاری و ستەمکێشی ژنان!

نیزامی سەرمایەداری لەپێناو بەدەستهێنانی هەرچی زیاتری قازانج وکەڵەکەی سەرمایەدا، جیاکاری ڕەگەزی وستەمی سەر ژنانی کردۆتە یەکێک لەکۆڵەکەکانی سیستەم و دەسەڵاتەکەی. چینی دەسەڵاتدار و حوکمەتەکەی لەکوردستان، بەهەمانشێوە ئەم جیاکاری وستەمەی سەر ژنانی لەهەموو بوارەکانی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و یاساییدا، بەقێزەونترین شێوە برەو پێداوە.

ژنانی کوردستان لەڕوی کۆمەڵایەتیەوە، بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی پیاوسالاری وفەرهەنگی دینی و قەومیەوە، کەخودی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی پارێزەریەتی، ڕووبەڕوی هێرشێکی سیستماتیک بونەتەوە. توندوتیژی خێزانی، تا سوکایەتی و هەڕەشەوەو لێدان و بڕینی جەستە "خەتەنە" ی ژنان، تا دەگاتە دەستدرێژی سێکسی و کوشتنی ژنان بەپاساوی شەرەف و ناچارکردنیان بەخۆکوژی و خۆسوتاندن و ڕێگریکردن لەتیکەڵاوبون و ئازادی سەفەر و هەڵبژاردنی هاوسەر و دەیان سەرکوتگەری تر.. گۆشە سەرەکیەکانی کارنامەی دەسەڵاتدارێتی بۆرژوازی کوردە لە٣٠ ساڵی رابردوودا کە بەهۆیەوە ژیانی ژنانی کوردستانی لەتراژیدیایەکی ئینسانیدا ڕاگرتووەو تائێستاش بەهەزاران قوربانی لێسەندون.

لەڕووی یاسایەوە، پێشنیاری ئەوەی کە"شەریعەتی ئیسلام" لەدەستوردا سەرچاوەی یاساکانی هەرێم بێت، وەیا خودی "کۆتا"کردنی ژنان لەهەڵبژاردنەکاندا، تادەگات بەیاسا

بۆ لاپەڕە 2

## درێژەی... بەرزو بەڕیز بێت ٨ی مارس

شەرمەزاریەکەی پەرلەمان کەمافی فرەژنی بۆ دەوڵەمەندان و پیاوانی سەرمایەدار، بەرەسمی ناسیوە، نەک هەر مافی هاوڵاتیبوونی یەکسانی لەژنان سەندۆتەوە، بگرە ئەوانی کردۆتە کۆیلەو هاولاتی پلەدووی ژێردەستی پیاوان.

لەڕووی ئابوریەوە، ئەگەرچی لەبەرئەنجامی دەورەیەک لەپەرەسەندنی سەرمایەداری لەکوردستان، ژنانێک فرسەتی کارو هاتنەمەیدانیان لەبوارەکانی بەرهەمهێنان و دامەزراندنیان لەبەڕێوەبەرایەتی و کۆمپانیاکاندا بۆ کرایەوە و پەیوەست بوون بەئۆردی کارەوە، بەلام بەردەوام لەژێر هێرشی کۆنەپەرستان و سوکایەتی پێکردن و دەستدرێژی سێکسیدا، ڕاگیراون. ئەمە جگەلەوەی لەوەرگرتنی موچەو هەڵبژاردنی کار و پیشەدا، لەچاو پیاواندا ڕووبەڕووی جیاکاری بونەتەوە. ژنانی کوردستان لەکاری ناوماڵدا نەک هەر هیچ بیمەو پاداشتێکیان پێنادرێت، بەڵکو کارەکەیان وەک "کارێکی تەحقیرکراوی ژنانە" بەچاوێکی سوکەوە سەرنجی دەدرێت. ژنانی کرێکاریش جگە لەوەی بەنانئاوەری ماڵ حساب ناکرێن، لەبەرامبەر کاری پیاواندا، چ لەموچەی یەکسان و وەرگرتنی ئیمتیازاتەکانی تردا، بەئاشکرا جیاکارییان لەبەرامبەردا دەکرێ، هاوکات لەدەورانی دووگیانی و منداڵداری و سوڕی مانگانەدا، ڕووبەڕووی لەسەر کار دەرکردن دەبنەوەو ناچار دەکرێن بەئەنجامدانی کاری سەخت و ناتەندروست.

سەرباری هەمو ئەم ستەم و جیاکاریانەی کە بەژنان دەکرێ، ئەوە گرانی و بێکاری و هەژاریە، کەبەشێک لە ژنانی ناچار کردووە بەکاری لەشفرۆشی و فرسەتیداوە بەباندەکانی بازرگانی سێکسی و لەشفرۆشی تا بەهەرەبەرداری لە دۆخی دۆزەخی ژنان بکەن، ئەمەش لەکاتێکدایە کەزوربەی ئەو باندانە وابەستەن بەدەسەلاتدارانەوە. بێگومان ئەم واقیعیەتە تاڵەی کە ژنانی کوردستان بەگشتی و ژنانی کرێکاری بەتایبەتی تێدا ڕاگیراوە، باشترین پێودانگە بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی چینایەتی و چاوچنۆکی دەسەلات و سیستەمێک کە بۆرژوازی کورد و حزبەکانی بەسەر سەری کۆمەلگاوە ڕایانگرتووە.

بەلام سەرەڕای ئەم واقیعە تاڵەش هێشتا سیماو نەریتە ئازادیخواز و ئینسانیەکانی ژنان، واقعیەتی حاشا هەڵنەگری کۆمەڵگای کوردستانە و لە ئاستی کۆمەلایەتیدا ڕاوەستاوی ژنان و مل نەدانیان بەزوڵم و زۆری دەسەلات و یاساو ڕێسا کۆنەپەرستەکان، مایەی نیگەرانی بۆرژوازی کورد و بەرەی کۆنەپەرستی کۆمەلگەیە. بەمجۆرەش خەبات و تێکۆشانی ژنان و جوڵانەوە یەکسانیخوازانەکەیان، بەشێکە لەخەباتی چینی کرێکار، بۆ ڕزگاری لەهەرجۆرە ستەم و نابەرابەریەک کە لەکۆمەلگادایە.

لەهەلومەرجی ئێستادا و لەکاتێکدا کە یادی ٨ ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان دەکەینەوە، بزوتنەوەی نارەزایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لە ئاستێکی فراوانی کۆمەلایەتیدا، ڕۆژانە یەخەی ئەم سیستەم و دەسەلاتە دەگرێ، ئەتوانێ هێزێکی گەورەو کاریگەر بێت بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخەی کە بەسەر ژنان و جەماوەری نارازیدا داسەپێندراوە. کەوایە بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان بەجیا لەوەی کە دەبێت خەبات بکات بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵەی ئەو خواستانەی کەژیانی ژنانی کوردستان لەڕووی ئابوری و سیاسی و مافە شەخسی و مەدەنیەکانیەوە، باشتر دەکات، هاوکات دەبێ وەک بەشێکی کاریگەر لەبزوتنەوەی نارەزایەتیەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش بۆ کۆتاییهێنان بەم سیستەم و دەسەلاتەی ئێستا کە سەرچاوەی تەواوی بێمافیەکانی ژنانە، لەمەیداندا ڕاوەستێ.

٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن، ڕۆژی گێرانەوەی حورمەتی ئینسانیە بۆ ژنان، ڕۆژی توندکردنەوەی خەباتە لەپێناو کۆتاییهێنان بە هەرجۆرە ستەم و بێمافیەک، کە لەژنان دەکرێ.

ئەگەر ئازادیی ژنان مەرجو پێوانەی هەر کۆمەڵگایەک بێت، کەوایە با ٨ی مارس بکەینە ڕۆژی یەکگرتووکردن و لێکهەڵپێکانی نارەزایەتی و هەوڵوتێکۆشانی بێبەشانی کۆمەڵگا، ڕۆژی کۆتاییهێنان بەدەسەلات و سیستەمێک کە نەک پارێزەری جیاکاری وستەم وبێمافی ژنانە، بەڵکو لەسەر بنەمای جیاکاری چینایەتی وکۆیلەیەتی بەکری ڕاوەستاوە.

بەرزو بەڕێزبێت ٨ی مارس
ڕۆژی جیهانی ژنان!
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان
١٩/٢/٢٠٢٢

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی: **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

# بڕیاری دادگای فیدراڵی عێراق سەبارەت بە فرۆشتنی نەوتی هەرێم

# گفتوگۆ لەگەڵ لەگەڵ خەسرەو سایە، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی

**ئۆکتۆبەر: ماوەیەک لەمەوبەر دادگای فیدراڵی عیراق بڕیارێکی سەبارەت بەنەوت و گازی هەرێمی کوردستان دەرکرد، کە لەناوەڕۆکدا لێسەندنەوەی هەقی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و گازی لەلایەن حکومەتی هەولێرەوە، هەڵوەشاندوۆتەوەو بەیەکجاری گێراویەتەوە بۆ ژێردەسەڵاتی حوکمەتی مەرکەزی.. بڕیارەکە لەگەڵ ئەوەدا کەپشت دەبەستێت بەچەند مادەیەکی دەستور، هاوکات لەبەرئەنجامی سکاڵایەکەوە دراوە کە لە ساڵی ٢٠١٢دا لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقیەوە لەهەریم کراوە، پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی دوای ئەو هەموو ساڵە سکاڵایەک دەبێتە بنەمای دەرکردنی بڕیارێکی لەم جۆرە، ئایا ئەمە بڕیارێکی یاساییە یان سیاسیە؟**

خەسرەو سایە: بەدڵنیایەوە بڕیارەکە نەک هەر سیاسیە، بگرە هەڕەشەیەکی ئاشکرایە کە لەکەناڵی قانونیەوە، دەستی بۆ براوە. ئەوەشی کە بۆ لەئیستادا بڕیاڕێکی لەم جۆرە دەدرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشمەکێشەی کە لەنیوان ڕەوت و لایەنە بۆرژوازیەکاندا، لەپەیوەند بەسازدانەوەی دەوڵەت لەعێراقدا، سەری هەڵداوە، کێشمەکێشێک کەخۆی دەرهاویشتەی ئەو گۆرانکاریە سیاسیانەیە کە لەدۆخی سیاسی ناوچەکە بەدوای تەواوبوونی جەنگی داعش و شەڕی بەوەکالەتی هێزە ناوچەیی و ناوخۆییەکاندا هاتۆتەکایەوە و هاوڕایی ئەمریکاو هاوپەیمان و دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە ئێران و تورکیاو سعودیەی لەسەر دوبارە سازدانەوەی سیستەمی حوکمڕانی لەعێراقدا، کردۆتە بابەتێکی پێویست. لەم پەیوەندەشدا، پێگەی ڕەوت و لایەنەکان و هاوکێشەی هێزی نێوانیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوەو هەریەکەیان بۆ بەدەستهێنانەوەی پێگەی خۆیان لەڕیزبەستنێکی تازەدا، لەپەیوەند بە دەسەلاتەوە، خستۆتە نێو کێشمەکێش وهەوڵدان بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی تازەوە. هەروەک بینیمان کەچۆن هاوپەیمانێتی پارتی لەگەڵ سەدرو حەلبوسی هەم "ماڵی شیعە" و هەم "ماڵی کوردی" لێکترازاند و پێگەی یەکێتی لەبەرامبەر پارتیدا و مالیکی و رەوتەکەی لەبەرامبەر سەدردا، بردەدواوە. دواتریش ئەم کێشمەکێشە لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار، کاندیدەکەی پارتی لەمەیداندا وەدەرنا و تەنانەت موقتەدا سەدریشی ناچارکرد کەپڕۆسەی دانوسەنەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەت ڕابگرێ و کۆبونەوەکانی پەرلەمانیش پەک بخات. لەدۆخێکی ئاوادایە کەهەر هێزە هەوڵدەدات بۆ قایمکردنی پێگەی خۆی دەست بۆ هەر کارتێکی سیاسی وقانونی بەرێت تا حەریفەکەی لەمەیدان دەربکات، وەیا پاشەکشەی بەسەردا داسەپێنێ. لەجەرگەی ئەم کێشمەکێشەدایە، کەئەمجارە مالیکی و ڕەوتەکەی بەپشتیوانی ئیران ولایەنگرانی، کارتی قانون و دادگای بەدەستەوە گرتووە و زیندوکردنەوەی سکاڵایەکی کۆن بەرامبەر بە پێگەی پارتی و ئەحزابی ناسیونالیستی کورد و دەسەڵاتی هەرێمایەتیان، ڕاست بێتەوە وبیکاتە دوژمنێکی هاوبەشی شیعەکان، تا ئەو درزەی لەماڵەکەیان کەوتوە پڕبکاتەوەو لێرەشەوە خۆی لەڕەوتەکەی سەدر نزیک بکاتەوە. بەدڵنیایەوە ئەم کێشمەکیشەو ئەم هەراوهوریایەی کە لەنێوان ڕەوت و باڵەکانی بۆرژوازیدا هاتۆتەکایەوە، تەنها بەبڕیارەکەی دادگای عێراقەوە ناوەستێ و لەداهاتوودا لاپەرەی زیاتر هەڵدەداتەوە، بەتایبەتی کەهێشتا پۆستی سەرۆک وەزیران و دابەشکردنی وەزارەتە سیادیەکان ماوە.

**ئۆکتۆبەر: کاردانەوەی حزبەکانی نێو دەسەڵات لەهەرێم، لەپێشیانەوە پارتی و مەسعود بەرزانی ڕایانگەیاند کە بڕیارەکەی دادگای عێراق نادەستوریەو لەدژی ئیستحقاقی نەوەیی کوردە، تەنانەت وا باس دەکەن کە ئەمە پیلانێکە لەدژی هەرێم و دەسەڵاتەکانی، وەڵامی ئێوە چییە بەم پڕوپاگەندانە؟ ئایا بڕیارێکی لەوجۆرە کە دادگای عێراق دەری کردوە بەمانانی سەرەتای کۆتاییهێنانە بەم دەسەڵاتە هەرێمایەتیەی ناسیونالیزمی کورد؟**

خەسرەو سایە: لەڕاستیدا ئەم قسانە زیاتر بۆ ڕاکێشانی خەڵکی ناڕازی کوردستانە بۆ ژێر سایەی سیاسەتێک کە پارتی و دەسەڵاتەکەی پەیڕەوی لێدەکات تا ئەوەی وەڵامێک بێت بەو لایەنانەی سکاڵاکەی حکومەتی عێراقیان جوڵاندووە. واتە بۆ ئەوەیە لەڕێگای بزواندنی هەستی قەومیەوە، زهنیەتی خەڵک بەلاڕێدا ببەن کە ڕۆژانە بۆ نان و کارو مەعیشەت یەخەی گرتوە. ئەمە هەر ئەو شێوازەیە کە بەردەوام حزبە ناسیونالیستەکان لەکاتی تێکچونی پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ بەغدا و ڕەوتە شیعی و سوننەکان، دەستیان بۆ بردووە. ئەگینا ئەوە ڕۆشنە کە نەپارتی و نە هیچ حزب و لایەنێکی کوردستانی و عێراقی و ئەوانەی کە لە"پرۆسەی سیاسی"دا بەشدارن، پەیڕەویان لە دەستورێک نەکردووە کە خۆیان نوسیویانەو هەرخۆشیان ئیمزایان لێداوە، بەڵکو وەک خۆیان دەڵێن هەموو شتێک دەبێ بە"شەراکەت و تەوافق" ببڕێتەوە. هەر بۆیە پارتی باش دەزانیت کە لەگەڵ ئەوەدا کەناتوانێ بڕیاری ⇦

دادگای عێراقی ڕەتکاتەوە، بەڵام ئەوە "تەوافق"و سازانە دەستور و دادگاش دەخاتەلاوە. تەنانەت ئەگەر بابەتەکە دەستوریش بێت، بەهەموو ئەو نارۆشنی و لاستیکیەوە کە هەڵگریەتی، ئەوە خودی دەستوری عێراقە کە لەبەرئەنجامی دەورەیەک لەهاوکێشەی هێزو تەوازنێک کە لەنێوان ئەحزابی ناسیونالیستی کوردو لایەنە عێراقیەکاندا، لەژێر سایەی دەورو دەخاڵەتی سیاسی وسەربازی ئەمریکادا نوسراوەو ئێستاش دۆخەکە گۆڕدراوەو تەوازنێکی تری هێناوەتە کایەوە. لەبارەی "ئیستحقاقی نەتەوەی کورد"یشەوە، مەسەلەکە نان ومەعیشەتی خەڵکی کوردستان نیە، بەڵکو ئیستحقاق و ئیمتیازاتیکە کەهەردو بنەماڵەی دەسەڵاتدارو حزبەکانیان چاویان تێبڕیوە و بەناوی نەتەوەی کوردەوە پروپاگەندەی بۆدەکەن. ئەگینا چ هاوڵاتیەکی کەمدەرامەت و زەحمەتکێشی کوردستان لەدەرهێنان و داهاتی نەوت، کە ئەگەر"ئیستحقاقی نەتەوەی کورد"بێت سود مەند بووە. تا ئەو جێگەیەشی کەئایا ئەم بڕیارە سەرەتای کۆتایی دەسەڵاتی هەرێمایەتی و ئەو ئیختیاراتانەیە کە ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد بەدەستی هێناوە، من پێموانیە کەوابێت، چونکە مەسەلەکە وجودی ئەمریکاو پشتیوانی دەوڵەتانێکی ئەوروپاییە بۆ دەسەڵاتێک کە لەکوردستان دامەزراوە. ئەم دەوڵەتانە کە هەم بەرژەوەندییان لەهەرێمی کوردستان هەیەو هەم ملیاردها دۆلاریان سەرفکردووە تا بەئێستا گەیشتوون، سادە نیە بەئاسانی پێگەی هەرێم لە نەخشەی سیاسی عێراقدا کۆتایی پێبێت، بەتایبەتیش کە کوردستان ئێستا بەجۆرێک لەجۆرەکان بۆتە ئیسرائیلی دووەم بۆ ئەمریکاو مانەوەی لەعیراقدا، ئەویش لەدۆخێکدا کە داوای دەرچونی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق لەلایەن هێزە شیعەکانەوە لەئارادایە.

**ئۆکتۆبەر: بەڵام هەندێک لەحزبەکانی کوردستان، لەوانە نەوەی نوێ و کەسانێک لەبزوتنەوەی گۆڕان ویەکێتی، بڕیارەکەی دادگای عێراق بەئیجابی لەقەڵەم دەدەن و پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە بڕیارەکە نەوت و داهاتەکەی لەدەستی دوو بنەماڵەو دوو حزبی وەک پارتی و یەکێتی دەردێنێ و کۆمەک دەکات بەشەفافیەت لەداهاتی نەوت و گێڕانەوەی بۆ خزمەتی خەڵک و زامنکردنی موچەی فەرمانبەران. ڕای ئێوە لەسەر ئەم قسانە چییە؟**

خەسرەوسایە: لەچاوی مشکەوە هیچ ئاژەڵێک هێندەی پشیلە دڕندە نیە، ئەمە مەنتقی سیاسی نەوەی نوێ و ئەو ڕەوتانەیە، کەبەشوێن چاکسازی و ڕیفۆرمکردنی دەسەلات و سیستەمێکەوەن کەخەڵکی نارازی خواستی کۆتاییهێنان بەم حکومەتەو دەسەلاتەی هەڵبڕیوە. ئەم ڕەوتانە کە دروشمی ئەنتی پارتیان کردۆتە بنەمای پروپاگەندەو هەڵویستەکانیان، بۆئەوەیە کە هەم خۆیان لەبەرەی خەڵکدا هەڵخەن وهەم بەر بگرن لەڕادیکاڵ بونەوەو سەربەخۆبونی بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکان، کەراستەوخۆ نەک هەر لەدژی حزبەکانی دەسەڵاتە، بەڵکو کەوتوتە بەرامبەر بەگشت سیستەمێکی ئابوری و سیاسیەوە کە لەکوردستاندا بەسەر کۆمەڵگادا داسەپاوە، واتە سیستەمی ئابوری بازاڕو کۆمپانیاکان و دەسەڵاتێکی حزبی کە بە پەرلەمانتاریزم و هەڵبژاردن بۆیاخکراوە. ئەمە لەکاتێکدا کەبڕیار نیە خەڵکی کوردستان لەزەلکاوێکەوە ڕزگار ببێ و پێ بنێتە زەلکاوێکی تر، بڕیار نیە خەڵکی نارازی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی نان و کار و موچەو خزمەتگوزاریەکانیان، ڕوی خۆیان لەبنەماڵەی تاڵەبانی و بەرزانی وەربگێڕن و ببنە لایەنگری بنەماڵەی حەکیم و سەدرو حەلبوسی ومالکی وئەوانی تر. ئەگەر بابەتەکەش تاڵانچێتی و نەبوونی شەفافیەتە لەداهاتی نەوتدا، ئایا حکومەتەکانی عەلاوی و مالیکی و عەبادی و عادل عەبدول مەهدی و کازمی شەفافتر بوون لەحکومەتی هەرێم و کەمتر گەندەڵ و تاڵانچی بوون لەو دەسەڵاتەی کە لە کوردستاندا داهاتی نەوتی لەدەستدایە!. ئایا ڕاپەڕین و ناڕەزایەتیە بەردەوامەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی شارەکانی عێراق، کە حکومەتەکەی عادل عبدول مەهدی شکست پێهێنا، لەدژی ناعەدالەتی و خراپی موچەو بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاری و ئەو گەندەڵی و تاڵانچێتیە نەبوو کە دەسەڵاتدارانی عێراقی پێ دەناسرێتەوە. ئایا هەڵهاتنی وەزیری بازرگانی عێراق و لەسەرکار دەرکردنی وەزیری کارەباو گەندەلییەک کە بەسەر هوشیار زیباری، وەزیری دەرەوەی پێشوی عێراقدا ساغبووەوە، تا دزینی داهاتی نەوتی بەسرا و ئەو سکاڵایەی کە لەسەر مالیکی، لەدادگای عێراقدا بەدیارنەمانی ٢٠٠ملیار دۆلاری داهاتی نەوتی عێراق کەوتەسەر زاری خەڵک.. ئەمانە بەڵگەی ناشەفافبون و گەندەلییەک نیە بەنێوچەوانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقەوە!؟ لەڕاستیدا ڕەوتگەلێکی وەک بزوتنەوەی نەوەی نوێ و ئەوانەی کە لەیەکێتی و گۆڕانەوە داکەوتون، بەو پروپاگەندانەی دەیکەن، مەبەستیانە خۆیان لەبەرگی دژایەتی پارتی و یەکێتی و هەردو بنەماڵەی دەسەڵاتداردا هەڵخەن تا خەڵکی کوردستان بەخۆشخەیاڵیەوە بەدیار حکومەتی عێراقەوە ڕابگرن و خەبات و نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان تائەو ئاستە بەلاڕیدا ببەن کە تەسلیم بێت بەگەندەڵکاران و دەسەڵاتێکی تاڵانچی کە لە عێراقدا لەسەرکارە. ئەمەشیان تەنها وتەنها بۆ ئەوەیە، سواری شەپۆلی نارەزایەتیەکانی خەڵک ببن و بیکەنە وەسیلەی بەدەستهێنانی پێگەیەک لەو کێشمەکێشانەی کەئێستا لەنێوان هێزە سیاسیەکاندا سەری هەڵداوە. ئەمە لەکاتێکدایە کەسیستەمی حوکمڕانی چ لەعێراق

و چ لە کوردستان، یەک ناوەڕۆکی چینایەتیان هەیە، و یەک کارنامەی هاوبەش لەدژی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەبەنە پێشەوە.

**ئۆکتۆبەر: لەفەزای سیاسی ئێستای عێراقدا و لەڕوانگەی پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغداوە، تاچەند ئەم بڕیارەی دادگای عێراق جێبەجێ دەبێت؟ ئایا پارتی و یەکێتی مل بەم بڕیارە دەدەن؟ لەکاتێکدا دەوترێت بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵ، قابیلی ڕەتکردنەوە نیە؟**

خەسرەوسایە: سەرەتا دەبێ ئەو ڕاستیە بخەینە بەرچاوی خۆمان کەبڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عیراق، جارێکی تر پەیوەندی نیوان هەرێم و بەغدا و ئەو قەوارە هەرێمایەتیەی کە لەدەستوردا بۆ ئەحزابی ناسیونالیستی کورد جێگیرکراوە، خستۆتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەم پەیوەندیە سیاسیە تا یاسایی، هەمیشەش لەبەر ڕۆشنایی ئاڵوگۆرە سیاسیەکان و تەوازنی نێوان ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد و دەوڵەتی مەرکەزی و دەخالەتی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکەدا، لەژێر چەتری" تەواوفق وشەراکەت"دا، چۆتە پێشەوە و چوارچێوەیەکی بەخۆیەوە گرتووە. تەنانەت ئەوەی کە لەدەستووردا هەیە و لەسەر پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا دانی پیدا نراوە، هەمیشە لاوکی بووە، پەیرەوی لێنەکراوە. تەنانەت ئەوە خودی حکومەتی عێراقە کە لەپێش هەرلایەنێکی ترەوە ئەوەی لەدەستوردا وەک دەڵێن "بۆ کورد" دانی پێدانراوە، بەفەرامۆشی سپێردراوە، لەوانە مەسەلەی کەرکوک، ناوچە جێناکۆکەکان، دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێم، بەشی هەرێم لەبودجەی عێراقدا، جێگای هێزی چەکداری حزبەکان لە سوپاو مەنزومەی دیفاعی عێراقدا، پەیوەندیەکان بەولاتانی دەرەوە، ئینجا مەسەلەی گازو نەوتی هەرێم.. هەموو ئەمانە هیچ کات لەڕوانگەی دەستورەوە مامەڵەیان لەگەڵ نەکراوە، بەڵکو لەئەنجامی ڕیکەوتنی نێوان هەر دوو حکومەتی هەرێم و بەغداوە، بەشیوەیەکی سیاسی تەوافقی لەسەرکراوە. بەدڵنیاییەوە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵ هەر ئەم چارەنوسەی دەبێ و سەرەنجام لەلایەن پارتی و حزبەکانی نێو دەسەلاتەکەی هەریمەوە هەروا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و دەقاودەق جێبەجێ ناکرێ و پارتی و یەکێتی و حزبەکانی تریش ناتوانن ملی پێبدەن. چونکە ملەدان بەم بڕیارە بەکردەوە، بەمانای بڕینەوەی لقی ئەو دارەیە کە لەسەری ڕاوەستاون. پێشم وانیە ئەحزابە شیعیەکان بەتایبەتی ڕەوتەکەی مالیکی و هاوپەیمانانی، کە لەپشت سەری ئەم بڕیارەی دادگاوەن، بتوانن و هێندەش جدی بن لەجێبەجێ کردنیدا. وەک وتیشم بڕیارەکە کارتێکی فشارەو زیاتر بۆ ملدانی پارتیە بەهەندێک خواستی باڵە ناڕازیەکەی شیعەکان تا لەپێکهێنانی حوکمەتدا پێگەیەکی پێبدەن. بەتایبەتی کە لەساڵی ٢٠٠٧ وە چەندینجار یاسای نەوت و غاز خراوەتەڕوو، بەڵام حکومەتی عێراقی بەهۆی ناکۆکیە ناوخۆییەکانی خۆیەوە و ئەو مونافەسەو بەشبەشێنەیەی کەلەنێوان هێزە پێکهێنەرەکانیدا هەیە، نەیتوانیوە، یاساکە پەسەند بکاو تێیپەڕێنێت. بڕیارەکەی دادگای فیدراڵیش ناتوانێت لەم دۆخە بەدەر بێ و چانسی جێبەجێکردنی زۆری لەبەردەمدابێت. لەلایەکی ترەوە ڕۆڵی ئەمریکا ودەوڵەتانی ئەورپایە لەم بابەتەدا، ئەوان کە ملیاردها دۆلاریان لەڕاگرتنی قەوارەی هەرێمدا سەرفکردووەو بەدەیان کۆمپانیایان لەکوردستاندا خستۆتە بواری دەرهێنانی نەوت و گازەوە و لەئەنجامدا کوردستانیان وەک بەدیلێکی ستراتیژی بۆ مانەوەی هێزەکانیان لەبەرچاوگرتووە، دیسانەوە سادە نیە، هەروا ڕازیبن بەوەی کەحکومەتی عێراقی چی بوێ و چی بخوازێت بەسەر هەرێم و دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا جیبەجێی بکات... هەموو ئەمانە پێمان دەڵێت کەچارەنوسی بڕیارەکەی دادگای فیدڕال لەبەردەم چارەسەرێکی میانەییدایە کەبەتەوافقی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم وعێراق و ڕیکەوتن لەسەری تێپەردەکرێت..

**ئۆکتۆبەر: هەڵویستی حزب لەسەر ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵ چییە وحزب لەکوێ بڕیارەکەدا ڕادەوەستێت؟ خەڵک دەبێ چی بکات؟**

خەسرەوسایە: سەرەتا ئەوە بڵێم کەحزبی ئێمە بەتەواوی توانایەوە لەدژی هەرجۆرە دەستدرێژیەکی ئابوری و سەربازی حکومەتی مەرکەزی بۆسەر ئەمنیەت و ژیان و گوزەران و مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕادەوەستێت، هاوکاتیش پێمانوایە کە ڕێگای دەربازکردنی خەڵکی کوردستان لەکێشمەکێشی نێوان هەریم و دەوڵەتی مەرکەزی و ئەو یاریە گلاوەی کە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەچارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە دەیکەن، هەڵوەشانەوەی فیدرالیزمی قەومی و گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان کەئایا دەیانەوێت لەعێراقێکی نەقەومی و نەدینیدا بەمافی هاوڵاتی یەکسانەوە بمیننەوە وەیا سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن. تا ئەو جێگەیەشی بەبڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق دەگەڕێتەوە ئێمە پێمانوایە کارتێکی فشارە کە لەکێشمەکێشی نێوان حزبەکان لەناوخۆی کوردستان و لەپەیوەند بەو بەریزبەندی و هاوپەیمانێتیەی کە لەنێوان ڕەوت و باڵەکانی نێو "پرۆسەی سیاسی" عێراقەوە سەری هەڵداوە و هیچ پەیوەندیەکی بەماف و خواستەکانی خەڵکەوە نە لە عێراق و نە لە کوردستان نیە، تەنانەت ئەگەر نەوت وگازی هەرێم تەسلیم بەعێراقیش بکرێ وەیا هەر لەدەستی یەکیەتی و پارتی و کۆمپانیاکانیادا بمێنێ، نەوەڵام بە موچەی خەڵکی کرێکارو کارمەندی کوردستان دەدرێتەوە و نەداهاتەکەی دەکەوێتە خزمەتی

ئەوانەوە. ئەم راستیەش بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی شارەکانی خواروو و ناوەراستی عێراق هەروایە. کەوایە بڕیاری خەڵکی نارازی بەم بڕیارەی دادگای فیدراڵ هەر ئەوەیە کە کۆتایی بەدەسەڵات و سیستەمێک بهێنن کە لەدەست گەندەڵکاران و تالانچیاندایەو بەخەباتی خۆیان دەسەڵاتداریتی جەماوەری خۆیان دامەزرێنن وخۆیان کۆمەڵگا بەرێوەبەرن وسیستەمێک دامەزرێنن کە داهاتی کۆمەڵگا بکەوێتە خزمەتی هاوڵاتیانەوە. واتە خەڵک نەک هەر نابێ لەبەرەی هیچ کام لەرەوت و باڵەکانی بۆرژوازی چ لەکوردستان و چ لەعێراق راوەستی و ئومێدی خۆی بەکێشمەکێسی نێوانیانەوە گرێ بداتەوە، بەڵکو دەبێ بەتەوژمێکی فراوانەوە نارەزایەتیەکانی ئێستای خۆیان لەبەرامبەر چینی دەسەڵاتداردا، یەکگرتوانە بهێننەمەیدانەوەو ئەم دەسەڵاتانە بروخێنن، بەدڵنیاییەوە بەدوای دەسەڵاتگرتنی جەماوەر رێگای ئەوەش دەدۆزریتەوە کەچۆن کەیسی نەوت و غاز لەسەراسەری عێراقدا، بەهەرێمیشەوە ئیدارە پێبدەن وبیخنە خزمەتی دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەرانەوە.

★

# سەرکەوتنی نارەزایەتیە جەماوەریەکان لە گرەوی چیدایە ؟

**فوئاد سادق**

دەسەڵاتدارانی کوردستان لە ماوەی سی ساڵی رابردوودا ، هەلومەرجێکی نەخوازراو وکارەساتباریان بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە ، بە بەردەوامیش تا هاتووە ئەم هەلومەرجە خراپترو دژوارتر بووە ، لەئێستادا خەڵکی کوردستان لە سەرەتایترین پێداویستیەکانی رۆژانەی ژیانیان بێبەشکراون ، دەسەڵات رۆژبە رۆژ زیاتر هێرشەکانی بۆ سەر جەماوەر لە هەموو رویەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە دەست پێ کردووەو بە زەبری هێزی میلیشیا سەرکوتکەرەکانی بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادیە سیاسیەکان توندتر دەکاتەوە ، ستەمکاری و چەوساندنەوە بەرامبەر جەماوەر خەسڵەتی ئەم دەسەڵاتەیە ئەزمونی سی ساڵی رابوردوو بە کردەوە ئەم راستیەی سەلماندوە و بۆ ولام نەدانەوە بەنارەزایەتی و داواکاریە رەواکانیان جارێک پەنا بۆ فریوکاری دەبات و زۆر جاریش دەست بۆ سەرکوت کردن دەبات ، دەسەڵات دەرگیرە لە گەڵ قەیرانی ئابووری و بێ ئاسۆیی سیاسی و بێ توانایی لە بەرێوەبردنی کۆمەڵگا ، هەر رۆژەی بە پاساو و بیانویەک هێرش بۆ سەر چین و توێژە زەحمەتکێشەکان دێنێ. رۆژێک بە پاساوی چاکسازی و رۆژێکی تر بە بیانووی نەگەیشتنی پارەی بەغدا ... هتد ، ئەم بارودوخە کرێکاران و فەرمانبەران و کارمەندان و خەڵکی زەحمەتکێشی ناچارکردووە لە بەرامبەر ئەم هێرشانەدا بە شێوەی جۆراوجۆر بێتەمەیدانەوەو توانیوانە لە سەرجەم شار و شاروچکەکانی کوردستان لە شێوەی کۆمەڵی دەستە و گروپ و کۆروکۆمەڵ و رێکخراو کۆببنەوە ، ئەم کۆروکۆمەڵانە ، ئامانجی زۆربەیان وەلانانی دەسەڵات و کۆتاپێهێنانە بە دەسەڵاتی خێڵەکی و بنەماڵەیی. ئەزمون و مێژووی سی ساڵی رابردووی ئەم دەسەڵاتە سەلماندویەتی کە ریفورم هەڵناگری ، بەشێکی تریان نارەزایەتی و خەباتی رشتەییە کە زۆربەیان بۆ دەست هێنانی مۆچە و دابیکردنی خزمەتگوزاریەکانە ، لە پاڵ ئەمانەدا بوونی رەوتێکی ریفورم خواز کە بانگیشەی چاکسازی دەکات ، ئەمانە پاشماوە و بەشێکن لەو هێزانەی کە توانیان بۆ دەورەیەک خۆشباوەری لە ناو خەڵکدا دروست بکەن ، لەم رێگایەوە توانیان سواری شەپولی نارەزایەکان ببن و گورزێکی کاریگەریان لە خەبات و نارزایەتیەکاندا لە پێناوی شەریکبونەوە لە دەسەڵاتدا ، ئەمانە تا ئێستایش بە خەیاڵی خەباتی پەرلەمانیەوە شەو سەردەنینەوە ، لە کاتێدا ئەزمونی رابردوو نیشانی داوە کە پروپاگەندەی چاکسازی و هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی ، نەک هیچ کاراییەکیان نییە بەڵکوو سەرجەمیان جگە لە خۆڵکردنە چاوی خەڵک و دەستەمۆکردنیان هیچ ئاکامێکی تریان نییە و رێگرە لە بەردەم ئالوگۆری ریشەیدا .

لە بەرامبەردا بوونی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرە ی هەیە ، خاڵی هەرە لاوازی ئەم بزوتنەوەیە پەرشوبلاوی و بێبەری بوونە لە رێکخراوێکی سەراسەری کە رابەری ئەم بزوتنەوەیە بکات لە رێگای بە دیهێنانی ئامانجەکانیدا ، رێگای سەرەکی ئەم ئالوگۆرە ، پەرە دانە بە نارەزایەتیە جەماوەریەکان و رێکخراوو یەکگرتوو و هاوکار و هاوئاهەنگ هەم لە ئاستی محەلی هەم لە ئاستی سەراسەری. گرتنەبەری هەموو شێوازێکی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەماوەری بۆ رێگرتن بە هێرشەکانی دەسەڵات و پاشەکشەکردن پێیان ، لە دەوری رابەریەتی رێکخراوەیەکی جەماوەری سەراسەری دا .

★

# هێرشی روسیا بۆسەر ئۆکرانیا
# دەورەیەکی نوێی کێشەکانی دنیای چەند جەمسەری

نوری بەشیر

هەڕەشەکانی چەند هەفتەی رابردوی روسیا بۆسەر ئۆکرانیا و کۆکردنەوەی هێزێکی سەربازی ١٥٠ هەزاری بە جۆرەها چەکی قورس و سوکەوە، بردنی ژمارەیەک کەشتی جەنگی بۆ دەریای رەش، ئامادەکردنی چەکی ئاسمانی و مەشقی سەربازی لە ناوچەکانی بیلاڕوسیا، خۆئامادەکردن لە نیمچە دورگەی کرایمیا و ئامادەکردنی لایەنگرانی لە هەرێمی دونباس و چەکدارکردنیان، بەدوایدا رۆژی ٢١ فیبریوەری پۆتین یەک لایەنە سەربەخۆیی هەردوو ناوچەی دۆنیتسک و لۆهانسکی لەهەریمی دۆنباس راگەیاند و هێزی زیاتری بۆ ناردن، ئەمە سەرەتای هێرش و جەنگێکی فراوانترە بۆسەر ئۆکرانیا. بەمە پۆتین یەکەم هەنگاوی جەنگێک کە رەنگە دوور ماوەبێت، نەک تەنیا دەبێتە کوشتارگای خەڵکی ئۆکرانیا بەڵکو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خستۆتە دڵەڕوکێ و ترس کە بەدوایدا ناوچەی جوگرافیایی جەنگەکە گەورەتر بێت.

بەو خۆئامادەکردنەی پۆتین و پڕوپاگەندەی جەنگی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە جۆرێک چاوەڕوانی لە داگیرکردنی ئۆکرانیا، خەڵکی ئۆکرانیا و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیان لەبەردم مەترسیەکی گەورەدا داناوە کە بووە هۆی ئاوارەبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هەرێمی دۆنباس ناوچەکانی تری ئۆکرانیا. پاش ئەوەی پۆتین چەکی کاریگەری شەڕی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەوروپای بە پڕوپاگەندەی جەنگی و گەمارۆ بیست کە یەکەم؛ بەناردنی هێزێکی زۆرتر لە سەرباز و چەک و هێزی ئاسمانی بۆ وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئەوروپا دووەم؛ دانانی گەمارۆی ئابوری و سیاسی، کە لەلایەن ئەڵمانیا و بەریتانیا و ئەمریکا دەستی پێکرد، روسیای نەترساند وەک ئەوەی بە شێوەیەک لەم گەمارۆیەی پێشتر تاقی کردۆتەوە بەڵام بەهۆی ئەوەی کە روسیا ئابوری گازی بۆ ئەوروپا لەدەستدایە، وە لەباری سیاسیەوە لە دنیادا پێشڕەوی سیاسی و سەربازی کردبوو و بازاڕی چەک فرۆشی پەیداکردووە هەروەها کاری لەناوخۆی ئۆکرانیا کردووە سورە لەسەر پێشڕەویەکانی لە هەڕەشە و هێرشی بۆسەر ئۆکرانیا.

لەکاتێکدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هێشتا کوشتاری بەکۆمەڵی ڤایرۆسی کۆرۆنا یەخەی بەرنەداوە، هێشتا کوشتار و برسێتی و ئاوارەیی و هەژاری لە: یەمەن، سوریا، عێراق و ئەفغانستان لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەم دەوڵەتە سەرمایەدارە گەورانە بەسەریاندا سەپاوە بەردەوامە، ئەمانە هەڕەشەی جەنگێکی گەورەتر دەکەن کە دەبێ چ سیناریۆیەکی ترسناک چاوەڕێی کۆمەڵگای ئینسانی بکات!.

ئێستا جەنگێک کە روسیا لەبەرامبەر ئۆکرانیادا بە بەهانەی شکاندنی رێکەوتنی مینسک و ئەندامێتی ناتۆ و کوشتاری خەڵکی هەرێمی دۆنباسەوە دەستی پێکردوە، کە هەموو ئەوانە پاساوێکن بۆ جەنگێک کە ئامانجی گەورەتری لەپشتەوەیە، وەستانەوەیە لەبەرامبەر ئەمریکادا.

ئەم هێرشەی ئێستای روسیا بۆسەر ئۆکرانیا بەرئەنجامی هەلومەرجی دەیەی رابردووە. دەیەیەک کە زۆر شت لەدنیادا گۆڕاوە بەتایبەتی دەورەی کۆتایی دنیای یەک جەمسەریە ( قطب )ە کە ئەمریکا رابەرایەتی دەکرد، دەیەی دەرکەوتنی چین وەک جەمسەرێکی ئابوری گەورەیە و کاریگەری هەیە، دەورەی هاتنەمەیدانی روسیا لەسەرەتادا وەک جەمسەرێکی سیاسی و دەخالەتەکانی لەزۆرێک لە وڵاتان بەتایبەت سوریادا و بەدوایی دا وەک جەمسەری ئابوری و ناردنی گاز بۆ وڵاتانی ئەوروپا. هەر لەم دەیەیەدا لەگەڵ پاشەکشەی ئەمریکادا جەمسەری رۆژئاوا و بەتایبەت وڵاتانێکی وەک ئەڵمانیا و فەرەنسا هەوڵیانداوە لەژێر سایەی ئەمریکا بێنە دەرەوە و بڵێن ئێمەش هەین.

هەر لەو دەساڵەدا ئەمریکا مۆری شکست و پاشەکشەکانی لە عێراق، سوریا و ئەفغانستان دا تۆمار کردوە، بەرامبەرکێی ئابوری لە مەیدانی چەک و هێزی ئاسمانی و تەکنیکی پێشەکەوتودا بۆ پەیدابووە، ئەمریکا شکستی هێنا لە رێکەوتن لەگەڵ حوسیەکاندا لەیەمەن. سازشی کرد لەگەڵ کۆریای باکور، رێکەوتنی لەگەڵ تاڵیبان و هێنانەوەیان بۆ سەرسەری خەڵکی ئەفغانستان وەک هێزێکی کۆنەپەرستی دژی ئینسانی. داپۆشینی کۆمەڵگای عێراق و سوریا و یەمەن و کوردستان لە زۆنگاوی هێزە میلیشیا قەومی دینیەکان، پاشەکشەو لاوازی ئەمریکا لەبەرامبەر ملهوڕیەکانی جمهوری ئیسلامی ئێراندا، هەموو ئەوانە راستی ئاوابونی خۆری ئەمریکا و کۆتاییهاتنی دنیای یەک جەمسەریە کە ئەمریکا رابەرایەتی دەکرد.

دنیای ئەمڕۆ دنیای چەند جەمسەریە کە ئەمریکاش خۆی ناتوانێت حەشای لێبکات، وە میدیاکانی دەستەڕاستی بۆرژوازیش لە کێشەی ئێستای هێرشی روسیادا تاکیدی لێدەکەنەوە، کێشەی ئێستا دەورەیەکی نوێیە لە کێشەی نێوان جەمسەرەکان کە روسیا دەستپێشکەری کردوە، دەستپێشکەری سیاسی و سەربازی و ئابوری روسیایە لەبەرامبەر ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەڵێت

⇦

ئەو دەورەیە تەواو و ناتوانن لەسنوری ئێمە و بەرژوەندی ئێمە نزیک ببنەوە و ئێمەش دەخالەت لە هەلومەرجی جیهان دا وەک جەمسەریکی گەورە دەکەین، ئەم هەنگاوەی هێرش بۆسەر ئۆکرانیا لەو راستایەدایە.

لە کێشەی ئێستادا وڵاتان و جەمسەرەکان، لەدەوری لایەنگری و دژایەتی ئەو دوو جەمسەرەی روسیا و ئەمریکا وەستاون، لەدرێژماوەی ئەو کێشەو جەنگەدا زیاتریش دەبینرێت. لەسەرەتای هەڕەشەکانی روسیاوە وڵاتانێکی ئەوروپا و بەتایبەت ناتۆ لەدەوری سیاسەتی ئەمریکا کۆبونەتەوە، بەجیا لەوەی بەرەی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست دژی ئەم سیاسەت و هێرش و شەڕەیە. لەولاوە چین لەدەوری روسیا خۆی دەبینێتەوە بەوەی گەمارۆی لەسەر دوو کۆمپانیای گەورەی ئەمریکی دادەنێت کە چەک بە تایوان دەفرۆشن و بەپاساوی ئەوەی ئەو کارە لەدژی چینە!. واتە ئەم کێشە و هەڕەشەی جەنگە چوارچێوەیەکی جیهانی هەیە کەسەرەتایەکی نوێیە لە هەڕەشە و جەنگی جەمسەرەکان بەدژی کۆمەڵگای ئینسانی و وڵاتانی کەمهێز، وە لەدرێژماوەدا کێشەو شێوەی جۆراوجۆر لایەنگری جەمسەرەکان هاوسەنگی هێزی جیاواز بەخۆیەوە دەگرێت.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە رۆشن بێت، کە ئەم لەشکرکێشیێ و جەنگە کە روسیا دەستی پێکردووە نە شەڕی خەڵکی روسیا و نە ئۆکرانیا و نە ئەوروپایە، لەگەڵ ئەوەی زیندوکردنەوەی گیانی قەومپەرستی روسی و ئۆکرانی زیاد دەکات، بەڵام جەنگێکە بەدژی سەرجەم کۆمەڵگای بەشەریە لە کرێکاران و ڕیزی ملیۆنی خەڵکی بەشمەینەتە کە بەدەست قازانجپەرستی و شەڕ و برسیەتی ئەم جەمسەرانەی سەرمایەداریەوە دەناڵێن و لە ئایندەدا شێوەی جیاواز لە کۆنترۆڵی سیاسی و ئابوری و سەربازی لە جیهاندا بەخۆوە دەگرێت و کوشتار و ماڵوێرانی زیاتر دەسەپێنێ بەسەر مرۆڤایەتیدا.

هەربۆیە دروشم و کاری ئێمە؛ کۆمۆنیستەکان و کرێکاران و ڕیزی هەزاران ملیۆنی خەڵکی ئازادیخواز بۆ ئەم دەورە نوێیەی دنیای چەند جەمسەری سەرمایەداری نایە بە جەنگێک روسیا لە ئۆکرانیا دەستی پێکردوە و نایە بە هەڕەشە و ناردنی هێزی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ شەڕێکی ترسناک و ماڵوێرانکەر. ئەم دەورەیە دەورەی هاتنەمەیدانی ئێمەیە و لەهەمووکات زیاتر زەرورترە کە کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و بەرەی ئازدیخواز و کەمدەرامەت لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا هەین خۆمان رێکخراو بکەین بۆ ئەوەی دەسەڵاتی سۆشیالسیتی خۆمان دامەزرێنین و مرۆڤایەتی لە جەنگ و کاولکاری و کوشتار و برسیەتی بۆرژوازی و دنیای چەند جەمسەری سەرمایەداری رزگار بکەین.

★

**کوشتنی ژنان بەبەهانەی "شەرەف" تاوانە و دەبێ ئەنجامدەرانی رووبەڕووی توندترین سزا ببنەوە!**
**یاسای فرەژنی پەرلەمانی کوردستان، بێڕێزیە بەکەسایەتی ژنان و دەبێ هەڵبوەشێتەوە.**

**ئەرکی حکومەتە کە بیمەی بێکاری بۆ ژنانی بێکار و دەرچوی زانکۆو پەیمانگاگان لەئەستۆبگرێ!**

**ئۆکتۆبەر .. بخوێننەوە**
**و بەدەستی دۆستان**
**و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com